**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پڕۆتۆکۆڵەکان

# ٣

## ١٩٩٢ - بەرگی سێیەم

---

چاپی یەکەم ١٩٩٧

# پێڕست:


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٤) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٩/٢٣ ——— ل٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٥) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٩/٢٨ ——— ل٥٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٦) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٩/٢٩ ——— ل١٠٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٧) شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٠/٣ ——— ل١٣٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٨) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٠/٤ ——— ل١٧١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٩) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٠/٦ ——— ل٢٠٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٠) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٠/٧ ——— ل٢٣٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤١) شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٠/١٧ ——— ل٢٧١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٢) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٠/١٨ ——— ل٢٩٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٣) شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٠/٣١ ——— ل٣٣٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٤) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/١ ——— ل٣٦٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٥) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/٢ ——— ل٣٧٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٦) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/٣ ——— ل٤١٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٧) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/٤ ——— ل٤٥٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٨) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/٩ ——— ل٤٩١

رۆیشتوین تا ئێستا پێچەوانە بکەینەوە، ئەگەر رانەگەیەنرا ئەوە کۆبوونەوەکە نهێنییە، جا وابزانم تاوەکو ئێستا ئەوە پێڕەو نەکراوە کە کاتێ کۆبوونەوەکە نهێنی بوو زوو ئاگاداریان بکرێتەوە، بۆ ئەوەی لەپاش کردنەوەی کۆبوونەوەکە بە ماوەیەک بچنە دەرەوە، سوپاس.

**بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جاران ئەوەی کە ئێستا بەرێزت باست کرد، پاش ئەوەی کە دەزگا راگەیاندنەکان دەهاتنە ژوورەوە بۆ کردنەوەی دانیشتنەکە پێیان دەوترا ئیتر تەواو هیچی تر تۆمار مەکەن و هۆڵەکەش بەجێ بهێڵن.

**بەرێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق.

رقم القرار /

تاريخ القرار/ /

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من قانون رقم واحد لسنة ١٩٩٢ وبناءً ما عرضه وزير الشؤون البيشمركة و وافق عليه مجلس الوزراء للاقليم كوردستان العراق. اصدر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / / القانون الاتي:

قانون رقم ( ) لسنة ١٩٩٢ قانون تكريم قوات البشمركة

المادة الاولى: يقصد بالتعابير الاتية المعاني المبنية ازاءها لاغراض هذا القانون:-

١- الثورة الكردية التي اندلعت منذ ١١/٩/١٩٦١.

٢- البشمركه كل من التحق سياسياً وعسكرياً لتحقيق اهدافها.

٣- الشهيد البشمركة الذي استشهد اثناء الثورة ومن جرائها ولم يكن له يد في ذلك.

**بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هیچ تێبینییەکتان لەسەری نییە؟.

**بەرێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

راپۆرتی پێشمەرگە ماوەیەکی کورتە بەدەستمان گەیشتووە و، هیچ ماوەمان نەبووە کە گفتوگۆی لەسەر بکەین، جا داوا دەکەین کە بوارمان بدەنێ وەکو لیژنەی یاسا ئامادە و تێبینیەکانی خۆمانتان بۆ بخوێنینەوە، سوپاس.

**بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەبێت سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە دابنیشێ، چونکە هەندێ پرسیاری تایبەتی هەیە کەپەیوەندیی بە بارەی یاساییەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە پێشمەرگەوە هەیە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با لەهەر کتلەیەک سێ کەس مافی قسەکردنی هەبێت، بەڵام ئەندامانی کۆمیتەی پێشمەرگە لەهەر یەکێک لەکتلەکاندا بن با ئەوانیش مافی قسەکردنیان هەبێت، واتە ئەوان ئەو یاسایەیان بەسەردا جێبەجێ نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە بەر نەبوونی جێگا لەسەر مێزەکەدا ناتوانین (٥)کەس بە یەکەوە بانگ کەین، بە رای ئێمە یەکێک لە فراکسیۆنەکان بێت و نوێنەری ئەوی تریش بکات.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە، بەڕێز کاک یونس تێبینییەکانی لیژنەی پێشمەرگە لەگەڵ خاڵەکاندا بخوێنێتەوە، لەبەر ئەوەی کە ئێمە چ دەستەواژەیەکمان دارشتوە دەسکاری نەکرێت، پاشان چ تێبینیەک هەبێت با باس بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارەی بەڕێز کاک شەوکەت بەجێیە، هەرچەندە لیژنەی یاسا دواکەوتووە، بەڵام سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە با رای خۆی بدات، تاوەکو چ ئەندامێکیش تێبینی هەیەبیلێت.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی پێشمەرگە لەسەر مادەی یەکەمدا دوو تێبینیمان هەیە، یەکێکیان لەسەر پێناسەی شۆڕش، وەکو لیژنە وامان بە باش زانیوە شۆڕش (الثورة التحررية الكردية) وشەیی(تحرري) بخەینە سەر.

ئەویتریشیان لەبارەی پێناسەی شەهید، ئێمە وامان بەپەسەند زانیوە، کە ئەمە بگوازرێتەوە بۆ یاسای تەکریمی شەهید، چونکە جێگای لەوێیە، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە یاسای پێشمەرگەوە واتە (تكريم قوات البيشمرگە) بە رای من بکرێ بەتەکریمی پێشمەرگە، چونکە تەکریم پاداشتە بۆ تاکە کەسێک نەوەکو بۆ هێزێک، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم لە برگەی دووەمدایە (تكريم قوات) برگەی دووەم(البيشمرگە كل من التحق بالثورة وناضل سياسيا وعسكريا لتحقيق اهدافها) لەگەڵ ئەوەشدا پێشمەرگە لەوە بە باشتر دەزانن.

**بەڕێز جەلال جوهر عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر پێناسەی پێشمەرگە (کل من التحق بالثورة وناضل سیاسیا وعسکریا لتحقیق اهدافها) پاشان پێناسەی شۆڕشیش کراوە بەوەی کە (الثورة التحرریة)، پێموایە کە ئەم پێناسانە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە خەباتی نهێنی ناو شارەکانیان دەکرد، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وشەی(ناضل سیاسیا) ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە خەباتی نهێنی ناو شارەکانیان دەکرد.

**بەڕێز جەلال جوهر عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاخر ئەوە لە هەردووکیدا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ رای بەڕێز کاک ئازادام لەوە کە وشەی(قوە)زیادە، چونکە دەبێت وشەی پێشمەرگەش بکەینە(مقاتل)، یا(جندي)، واتە بکرێتە(تکریم الپیشمرگە)، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش چەند تێبینییەکم هەیە، سەبارەت بە بڕگەی دووەم (کل من التحق بالثورة وناضل سیاسیا وعسکریا) بە رای من دەبێ (سیاسیا او عسکریا) بێت، چونکە هەردووکی یەک شت دەگرێتەوە و، نابێت لە یەک پێناسەدا دابنرێت.

سەبارەت بە بڕگەی سێیەمیش کە دەڵێ(الشهید الپشمرگە الذي استشهد اثناء ثورة ومن جرائها ولم یکن له ید في ذلك) چۆن دەبێت یەکێک دەستی لە شەهید بوونی خۆیدا بێت!، داواش لە لیژنەی یاسا دەکەم کە ئەم بڕگەیەمان بۆ روون بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بابزانین لیژنەی پێشمەرگەش راییان چییە؟.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکەی بەڕێز کاک ئازاد لە جێی خۆیەتی، چونکە پاداشتی تاکە کەسێک دەکرێت خۆ پاداشتی هێزێک ناکرێت.

راستە کەسانێکی زۆر خەباتی نهێنی ناو شارەکانیان کردووە و، رۆڵێکی یەکجار زۆر گەوریان هەبووە لە شۆڕشی کوردییدا، بەڵام لە چیاکاندا چەکدار نەبوونە، بە لای ئێمە هەر پێشمەرگەیەک چ لە چیاکاندا بێت، یاخود لە رێکخستنی نهێنی ناو شارەکاندا بێت، ئەوە هەر

پێشمەرگەیە و پێناسەی پێشمەرگەش دەیگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرە لە پێناسەی پێشمەرگەدا پێناسەیەکی وامان کردووە، کە هەردوو ئەو حاڵەتە بەتەواوەتی بگرێتەوە، هەروەها ئێمە (شۆڕش)مان بە شێوەیەک پێناسە کردووە، بەڵام کە لە شێوەیەکی یاساییدا داڕێژرا ئەوسا شتێکی ترە، چونکە لێرەدا دەڵێ:(لاغراض هذا القانون تحديدا)، خاڵێکی تریش هەیە ئەویش ئەوەیە کە ناسنامە بۆ پێشمەرگەکانی شۆڕش کراوە، کە لە شۆڕشی ئەیلوول، تا(١٩٧٥)، تا ئێستاش ڕۆڵیان لە شۆڕشەکەدا دیوە، بۆیە ئەمەمان لە یاساکەدا دیاری کردووە، مەبەستیشمان لە شۆڕش شۆڕشە لە (١٩٦١)ەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە یاساکەدا هاتووە وەدەڵێ:

١ـ الثورة الكردية التي اندلعت منذ ١١/٩/١٩٦١.

ئەوە هیچ پەیوەندییەکی بە (١٩٧٥)وە نییە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەڵێم با بیخەینە ناو ئەوەی کە ئەو خەڵکە لە (١٩٧٥)وە زۆر هیلاکن، مەبەستی بڕیاردانی ئەم یاسایەش زۆربەی لەبەر ئەوانە، من نەم وتووە (١٩٦١)نەگرێتەوە، پێناسەی شۆڕشیشمان لە (١٩٦١)وە کردووە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە شۆڕشی کوردی لە ساڵی (١٩٦١)وە هەڵگیرساوە، جا بۆیە ئێمەش ئەم ساڵەمان لە پێناسەکەدا دانا.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ناوی پێشمەرگە بەحەقیقەت ناوێکی پیرۆزە لەناو میللەتی کوردا، چونکە هەر ئەوان بوون ساڵەهای ساڵ زەحمەتێکی زۆریان کێشا بۆ خاک و گەلەکەیان، ئەوەی کە بەڕێز د.کەمال فەرمووی ئێمە زۆرمان گفتوگۆ لەسەر کرد، وشەی (ساهم)یش مەنتقیەتی زۆر بە دەقەکە دەدا، بە بۆچوونی ئێمە ئەم وشەیە بەهایەک بەناوی پێشمەرگە دەدا، ناشمانەوێ زۆر لەسەر ئەمە بدوێین لەبەر ئەوەی (الالتحاق) بۆ ئەو پێشمەرگانەیە کە پێشمەرگەی داخلی بوون و، بە(التحاق)ئیلتیحاقیان بە لایەنێک لە لایەنەکانی بەرەی کوردستانییەوە کردووە و، ئەرکیان پێدراوە وەکو پێشمەرگە، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بە رای من پێناسەی پێشمەرگە زۆر لە جێی خۆیەتی، چونکە دەڵێ پێشمەرگە ئەو کەسەیە کە (الالتحاق) کردووە بە هێزی چەکداری ناو چیاکان، یاخود بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناو شارەکان، کە پاش پەیوەندیی کردنیان بەو ڕێکخستنانەوە ئیشوکاری نهێنی ناو شارەکانیان پێسپێردراوە.

من چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد، کە ساڵی(١٩٤٥) بکرێتە ساڵی سەرەتای دەسپێکردنی شۆڕشی رزگاریخوازی گەلی کوردمان و، شۆڕشەکانی کۆماری مهاباد و ناوچەی بارزان و بڕینی ڕێگای سۆڤیێت وئەمانە هەمووی بگرێتەوە، تاوەکو مافی ئەو شۆڕشگێڕانەی کە لەو شۆڕشانەدا بەشدارییان کردووە و، ئێستاش لە ژیاندا بپارێزرێت، سوپاس.

**بەڕێز جـێـگری ســەرۆکی ئەنجـوومـەن:**

من پێموایە بەڕێز وەزیری پێشمەرگە مەبەستی ئەوە نەبوو کە بڵێ (١٩٧٥)، چونکە ئەو پرۆژەیەی کە خۆیان پێشکەشیان کردووە دەڵێ (الثـورة الكردية التي اندلعت منذ ١١/٩/١٩٦١)، بەڵام لەوانەیە کە زۆربەی ئەو کەسانەی التحاقیان کردووە، زۆریان لێ کوژرابێ، هەرچەندە ئەم قسانە پەیوەندییان بە یاساکەوە نییە.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەم بەختەتی خۆم نووسراوە، من کە گوتم ١٩٦١ واتا١٩٦١، بەڵام من گوتم (ساهم) برادەران گوتیان پێشمەرگەی ناوشاریش، ئەوە دەتوانین بیگۆڕین، بەڵام من بڕوام بە (التحق)ە هەیە، لە ئەسبابی موجەبەشدا گوتمان پێشمەرگە گەورەترین هێزی میللەتە و، تا ئێستا گیانی خۆی بەخت کردووە بۆیە دەبێ بایەخێکی گەورەی پێبدرێت، سوپاس.

**بەڕێز جـێـگری ســەرۆکی ئەنجـوومـەن:**

بڕیارێک هەبوو لەسەر (تكريم قوات البيشمرگە) داوا دەکەم کە بە پێشمەرگە نەوترێ (قوات) لەسەر ئەمەش لیژنەکە رازیی بوو کە وشەی(قوات)بگۆڕدرێت بە وشەی(پێشمەرگە).

ئێستاش دەیخەینە دەنگدانەوە،کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە(قوات البيشمرگە)بگۆڕدرێت بە (تكريم البيشمرگە) با دەست بەرزکاتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا. پێشنیارێکی تر هەبوو لەسەر (يقصد بالتعابير) بە شۆڕش، پێموایە لیژنەی پێشمەرگە وتیان (الثورة التحررية الكردية التي اندلعت) لە جیاتی ئەوە (الثورة الكردية)، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە بکرێتە (الثورة التحررية الكردية) بەڕێز کاک بارزان خاڵێکی هەیە دەیەوێ لەسەری قسە بکات، با بفەرموویێت.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێموایە (الثورة التحررية الكردية) تۆزێک ناکۆکی لەگەڵ مادەی (٢) پەیدا دەکات و، مافی کەمەنەتەوایەتییەکان دەسووتێنێ، با (الثورة التحررية الكردستانية) بێت باشترە، چونکە لەمادەی (٢)دا دەڵێ:(تعتبر فترة انتقال البيشمركة في صف الثورة منذ التحاقها بها نضالاً فعلياً لاغراض الخدمة تقاعد للذين لم يحرفوا عن اداء الثورة ولم يتعاونوا مع اعداء الحركة الكردستانية)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

رایەکەی بەڕێز کاک بارزان لەجێی خۆیەتی، دەبێت بکرێت بە کوردستان، یان بە کوردی، چونکە لە یاسادا نابێت وەسفی شۆڕشێک بە دوو جۆر بکرێت.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بکرێت بە(الثورة الكردستانية) باشترە، چونکە لەگەڵ ناوەرۆکی شۆڕشەکەدا رێک دەکەوێت، بەڵام من تێبینییەکی زمانەوانیم هەیە، نازانم بۆ چی بە عەرەبی (الكوردستاني) بلاوتر لە نووسینی(الكوردي)، پێویستە ئەو هەڵەیە چاک بکرێتەوە، چونکە ئەمە یاسایە و لە پەرلەمانیشەوە دەردەچێت، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من ئەو مێژووە لابرێت باشترە و، بکرێتە(الثورة التحررية الكردستانية)، چونکە ئەگەر مێژووی تیادا نەبێت ئەوە فراونتر دەبێت بۆ شۆڕشی کورد، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە رای لیژنەی پێشمەرگەیە، یان رای بەڕێز کاک شەوکەت خۆیەتی؟.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەندامم لەلیژنەی پێشمەرگە ودەتوانمیش لەپەرلەماندا رای خۆم دەربڕم، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لە لیژنەی پێشمەرگەش باس کرا و، ئێمە وتمان لیژنەی پێشمەرگە بۆی هەیە کە قسە بکات، یان روون کردنەوە بدات، ناکۆکییەکە لەسەر مێژووەکە نییە، بەڵکو لەسەر دەستەواژەی(الثورة التحررية الكوردستانية) تاکو رێک بکەوێ لەگەڵ مادەی (٢)ەمدا. ئێستاش دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە پێناسەی شۆڕش بگۆڕدرێت بە دەستەواژەی(الثورة التحررية الكوردستانية)با دەست بەرزکاتەوە؟.

بەڕێز فـــەلەكـــەدین ســـابیـــر كـــاكــەیی:

بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.

من پێشنیار دەكەم كە بكرێتە (الثوره الوطنیه الكوردیه) چونكە ئەمە باشترین دەستەواژەیە، بەڵام (الثوره الكوردیه) ەش، لە رووی سیاسییەوە هیچ لەنگی تیادا نییە و، مافی كەمەنەتەوایەتیەكانیشی تیاد پارێزراوە، سوپاس.

بەڕێز د. كـەمـال عـەبدولكەریم مـحـەمـەد فـوئاد:

بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.

بێگومان (التحرریه) زۆر بەهێز ترە لە (الوطنیه) وكوردستانیش بۆیە بەلای ئێمە پەسەند ترە، چونكە لەو شۆڕشەدا جگەلە كوردیش بەشدار بووە لەكوردستاندا، لەلایەكی تریشەوە تەنانەت دوژمنانی كوردیش حاشا ناكەن كە كورد میللەتێكە، بەڵام حاشا لەوە دەكەن كەكوردستان هەیە، جا بۆیە ئەگەر ئێمە لەو مەسەلانە ناوی كوردستان دەرخەین شتێكی خراپ نییە، سوپاس.

بەڕێز جـێـگری ســەرۆكی ئـەنجـومـــەن:

بەگوێرەی گفتوگۆكان و قسەكانی لیژنەی پێشمەرگە وا دەردەخات كە ئەوانیش لەگەڵ دەستەواژەی (الثوره التحرریه الكوردستانیه) ەن و، لەگەڵ مادەی (٢) ەمدا رێك دەكەوێت.

بەڕێز یونس مـــحـــمـــەد ســـەلیم رۆژبەیانی:

بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.

ئێمە وەكو لیژنەی پێشمەرگە وا لەسەری رێككەوتووین كە(الحركة التحررية) مێژووشی لەگەڵدا بێت (التي اندلعت من ١١/٩/١٩٦١)، سوپاس.

بەڕێز جـێـگری ســەرۆكی ئـەنجـومـــەن:

لە پاشان ئەو خاڵە هەڵگیرا و، دەبێت لەگەڵ مادە(٢)دا رێك بكەوێت، كە دەڵێت:(ولم يتعاون مع اعداء الحركة التحررية الكوردستانية)، وابزانم رەزامەندی خۆشتان بەرامبەر ئەوەش نیشان دا كە رێكدەكەوێت.

بەڕێز یونس مـــحـــمـــەد ســـەلیم رۆژبەیانی:

بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.

راستە وابوو، بەڵام من ئێستا نوێنەرایەتی لیژنەی پێشمەرگە دەكەم، ئێمە لێرە وا رێك كەوتبووین، سوپاس.

بەڕێز كـەمـال ئیبـراهیم فـەرەج شـاڵی:

بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.

لە بڕگەی (٢)ی مادەی (١)دا وتراوە (كل من ساهم او التحق)جا ئەو بڕگەیە هەموو كەسێك دەگرێتەوە، با كوردیش نەبن، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من کاتێ کە دەڵێین لە ۱۹۶۱/۹/۱۱واتە ئێمە ئەو خەڵکەی کە پێش شۆڕشی ئەیلوول خەباتیان کردووە، بێ بەش دەکەین، جا با لە مادەکەدا جێگایەکیش بۆ ئەو خەڵکانە بکەینەوە کە لە پێش شۆڕشی ۱۹۶۱دا خەباتیان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من لەبەر خاتری کەمەنەتەوەییەکان دەستکاری هیچ وشەیەکی کوردی نەکرێ بە مەبەستی رێز لێنان لە کەمەنەتەوایەتییەکان، چونکە لە هەموو شوێنێکدا مافی ئەوان دەسنیشان کراوە ئەوەیەک، دووەم روون کردنەوەیەکم لەسەر وشەی (کوردستان) هەیە، کە تاوەکو ئێستا دەنووسرێت(کردستان) جا با بڕیار بدرێت کە پیتی(واو)ی بۆ زیاد بکرێت و بە عەرەبییش نە نووسرێت (کردستان)، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەپێی پێڕەوی ناوخۆ دەبێت لیژنەکان پێش ئەوەی پرۆژەی یاساکان بدەنە سەرۆکایەتی وئەندامانی پەرلەمان، دەبێت پرۆژەی یاساکان بدەنە لیژنەی یاسای لەگەڵ را و بۆچوونی خۆیاندا، بەلام ئەوەی کە ئێستا ئێمە دەبینین وا نییە، گفتوگۆی لیژنەکان هەمووی لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە پێڕەوی ناوخۆدا نەهاتوو کە لیژنە پەیوەندارەکان پرۆژەکانی خۆیان بدەن بە لیژنەی یاسا و، لە دانیشتنی پەرلەماندا تەنها لیژنەی یاسا گفتوگۆی بکات، لیژنەی پەیوەندار بۆی هەیە لە گفتوگۆی ئەو یاسایانە بکات، نەک تەنها لە رووی یاساییەوە، بەڵکو لە رووی هونەری و سیاسیشەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەلام ئەوە پێچەوانەی پێڕەوی ناوخۆیە، چونکە لیژنەی پەیوەندار رای خۆی گەلالە دەکات و، ئاراستەی لیژنەی یاسای دەکات، لەبارەی هونەرییشەوە هەر رایەکی هەبێت لیژنەی یاسای بەپێی پێڕەوی ناخۆی ئەنجوومەن رەفتاری لەگەڵدا دەکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە پێڕەوی ناوخۆدا ناڵێ تەنها لیژنەکان ئیشیان ئەوەیە کە تێبینییەکانی خۆیان بدەن بە لیژنەییاسا، دەڵێ تێبینییەکانی خۆیان بۆ پەرلەمانیش باس بکەن.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

(الپشمرگة كل من التحق بالثورة وناضل سياسياً او عسكرياً لتحقيق اهدافها)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئێستا برگەی(٢) دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم برگەیەدایە با دەستی خۆی بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

پێشنیار کراوە کە برگە (٣)لە مادە(١)دا هەڵگیرێت، چونکە ئەمە پەیوەندیی بە شەهیدەوە هەیە، کە ئەویش یاسایەکی تایبەتی خۆی هەیە، فەرموو کاک ئەیاد مادە (٢)مان بۆ بخوێنەوە.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا کە دەڵێ شەهید مانای ئەوە نییە کە تۆ تەکریمی شەهید دەکەی، بەڵام پێویستە پێناسەی بکەین، چونکە لە ناوەرۆکی یاساکەدا وشەی شەهید هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ لە رووی یاساییەوە بەجێیە.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بۆ مادەی (٣)داوامان کردووە کە بچێ بۆ یاسای تەکریمی شەهیدان، چونکە بەراستی کاتی خۆی ئەمە وا دروست کراوە کە پێشنیارەکە لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگە تەکریمی پێشمەرگە وشەهیدان وبێ سەروشوێنەکان هەموو پێکەوە بوون، بۆیە ئێمە ئەو پێناسەیە بە زیاد دەزانین، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا لەگەڵ بەڕێز وەزیری کاروباری پێشمەرگە وا رێککەوتبین کە وشەی شەهید لەم یاسایەدا بۆ تەکریمی شەهید هاتووە، نەوەکو (یاسای شەهید) کە تەکریم دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

چونکە یاسایەکی تر هەیە بۆ تەکریمی شەهید و بۆ قەرەبوودانیان بە ناوی یاسای (قانون تكريم شهداء المعوقين والمشلولين من الپشمرگە) هەرچی پەیوەندیی بە پێشمەرگەوە هەیە بخرێتە ئەو یاسایەوە، ئەمە تەنها بۆ تکەریمی شەهید وئەو پێشمەرگانەن کە ماون.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێموایە مافی پێشمەرگەی شەهید دەخۆین، ئەگەر ئەمەی لادەین، چونکە پێشمەرگە یەک کە زیندوو بووە پێش شەهید بوونی مەدالیای تایبەتی وەرگرتووە ئەویش وەک هاورێکانی مەدالیای تایبەتی وەردەگرێ و، پاش شەهید بوونی یاسایەکی بەسەردا جێبەجێ دەکرێ، جا من پێموایە کە ئەمە بمێنێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ وابزانم ياساييەكی تايبەتی هەيە كە باسی تەكريمی شەهيد دەكات وناويشی(قانون تكريم شهداء ومفقودين ومعوقين البيشمركە)، ئێستاش دەيخەينە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەو پێشنيارەيە كە لە بڕگەی(٣)دا ناوی شەهيد هەڵگيرێت بادەستی خۆی بەرزكاتەوە؟.

**بەڕێز كەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ياسای تەكريمی شەهيدمان كرد بە دوو دەروازەی، دەروازەيەكم: تەكريمی پێشمەرگە و، دەروازەی دووەم:تەكريمی شەهيد، لەبەر ئەوە بێناسەی ياسا كۆنەكە فراوان وگشتی ترە لەوەی كە لێرە لەيەک جيامان كردووەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئێستا لەگەڵ ئەم روون كردنەوەيە چونكی قانونێكی تر هەيە لەهەفتەی ئاينده باسی دەكرێ. كێ لەگەڵ بڕگەی سێيەمدايە؟.

**بەڕێز د. كەمال عەبدولكەريم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەمادەی (٦)دا باسی( شهداء) كراوە، ئەگەر بڕگە(٣)لە مادەی(١)دا لابەرين، دەبێت مادە(٦)يش هەڵگرين، لەبەر ئەوەی وشەی شەهيد لە ياساكەدا هاتووە، دەبێت پێناسەی شەهيديش بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنياری ليژنەی پێشمەرگە وايە كە ياسايەكی تايبەتی هەيە بۆ تەكريمی شەهيد و، هيچ پێويست بە مانەوەی پێناسەی شەهيد ناكات لەم ياسايەدا.

**بەڕێز د. كەمال عەبدولكەريم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵام دەبێ هەر پێناسە بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەريری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی كە پێشمەرگە خۆی شەهيدی زيندووە، هيچ زيانێكی نابێ كە تەكريمی شەهيد وتەكريمی پێشمەرگە لەيەک ياسادا بن، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەميد رەحيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە خۆی ياسايە، بۆ ئێمە جارێكی تر بيبێن و گفتوگۆی لەسەر بكەين، ئێستا سێ مادەمان هەيە يەكيان ياسای تەكريمی پێشمەرگەی زيندووە، دووەم تەكريمی شەهيدە، سێيەميش

کەمئەندامەکان، پاشان ئەوانەی کە لە ناوشاردا ڕێکخستنی نهێنی بوونە، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرە مەبەستمان لادانی پێناسەی شەهید نییە، بەڵکو تەنها مەبەستمان ئەوەیە کە ئەم خاڵانەی کە باسی شەهید دەکات لەم یاسایەدا لە یاسای تەکریمی شەهیدیش دووبارە دەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستاش دیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە(الشهید البیشمەرگە الذی استشهد اثناء الثورە)بکرێتە برگە (٣)لە مادە(١)دا و پێناسەی شەهیدیش هەڵگیرێت با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة الثانية: تعتبر الفترة التي قضاها البيشمركة في صفوف الثورة منذ التحاقه بها نضالاً فعلياً لاغراض الخدمة والتقاعد ومن الذين لم ينحرفوا عن اهداف الثورة ولم يتعاونوا مع اعداء الحركة التحررية الكوردستانية.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر لەسەر ئەو ڕێڕەوەدا بڕۆین، لەم هەفتەیەدا یاسای خانەنشینی پێشمەرگەتان دەخەینە پێش چاو، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەسەر ئەم مادەیە تێبینی هەیە؟.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بگوترێ بۆ خزمەت وخانەنشینی بێ (لاغراض من الترفيع والخدمة والتقاعد)باشترە، چونکە مافی خۆمانە کە پلەمان پێبدەن، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا هاتووە دەڵێ:(تعتبر الفترة التي قضاها البيشمركة في صفوف الثورة) لەدوای دا دەڵێ (لم ينحرفوا عن اهداف الثورة ولم يتعاونوا مع اعداء الحركة التحررية الكوردية) لێرەدا پرسیارێکم لە لیژنەی یاسا و لە لیژنەی پێشمەرگە هەیە، کە ئایا ئەو پێشمەرگەی لە (١٩٦١-١٩٧٥) پێشمەرگە بوون پاش (١٩٧٥) دانیشتن و، دەستی لەگەڵ ڕژێمدا تێکەڵ کرد و، نەچووەوە ریزی شۆڕشەوە، ئایا ئەوە ئەوانەش دەگرێتەوە، یان نا؟، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجــــومـــــەن.**

من پێموایە لیژنەی کاروباری پێشمەرگە شتێکی شایستە وپڕ بەپێستیان بۆ پێشمەرگە دەسنیشان نەکراوە و، پێشنیار دەکەم کە ماوەی خەبات کردن وپێشمەرگایەتییان بۆ زیاد کەن، تاوەکو مافی پێشمەرگە بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

بەپێی خزمەت لە سالّی (١٩٦١)وەیان بۆ حسێب کراوە، کاک شەوکەت فەرموو.

**بەڕێز شـەوکـەت حـاجی مـوشـیـر ئەحـمـەد:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــــەن.**

منیش لەگەڵ ئەو رایەدام کە پلە بە پێشمەرگەکان بدرێت بۆ ئەوەی یەکسەر خانەنشین بکرێن و، هەروەها ماوەی خەباتەکانیان بۆ بژمێردرێ و ماوەی دانیشتنەکانیان بۆ نەژمێردرێ، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

با بزانین لیژنەی پێشمەرگە هیچ رایەکییان نییە لەسەر ئەم بابەتە.

**بەڕێز یونس مـحـەمـەد سـەلیم رۆژبەیانی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومــــەن.**

ئێمە هیچ تێبینیەکی وامان لەسەر ئەم خاڵە نەبووە، بەڵام لە کاتی گفتوگۆکاندا بەڕێز کاک شەوکەت وەڵامی دایەوە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

ئێستاش کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم دەستەواژەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە(تعتبر الفترة التي قضاه البيشمرگة في صفوف الثورة منذ الالتحاق بها نضالا فعليا لاغراض الخدمة والتقاعد من الذين لم ينحرفوا عن اهداف الثورة ولم يتعاونوا مع اعداء الحركة التحررية الكردستانية)با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ لە دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

ماوەکەمان تەواو بوو ولە دانیشتنی ئایندەدا یاسای رێزلێنانی پێشمەرگە تەواو دەکەین.

دانیشتنی داهاتوومان رۆژی دوو شەممە کاتژمێر(١٠)ی سەرلەبەیانی دەست پێدەکات، سوپاستان دەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٤٨)

## دوو شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/٩

*کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/٩، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا سکرتێری ئەنجوومەن، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان دانیشتنی ژمارە (٤٨)ی خولی یەکەمی ساڵی یەکەمی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز جێگری سەرۆک بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.*

***بەرنامەی کار:***

***١ــ تەواو کردنی پرۆژەی یاسای ڕێزلێنانی (تکریم) پێشمەرگە.***

***٢ــ بەرچاوخستنی ڕاپۆرتی ئەو لیژنە تایبەتییەی کە بە لێکۆڵینەوەی باری ئاوارەکانی ناوچەی گەرمیان و کەرکوک ڕاسپێدراوە.***

***٣ــ بەرچاوخستنی ڕاپۆرتی ئەو لیژنەیەی کەراسپێردرا بوو بە سەردانی بەندیخانەکانی پارێزگای سلێمانی بکات.***

***٤ــ تازە بابەت.***

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

خاڵی تازە بابەت هەردوو فراکسیۆن چ پێشنیارێکیان هەیە با بفەرموون.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیارەکی تازەم نییە، بەڵام تەنیا حەزمان دەکرد بزانین کێشەی خانووەکانی کەسوکاری پێشمەرگە کە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەستیان بەسەردا گیرا بوو، بڕیار بوو ڕۆژی دووشەممەی ڕابوردوو کۆتایی پێ بێن، لەو بارەیەوە چ هەنگاوێک نراوە؟، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەکەم: پشتگیری پێشنیارەکەی فراکسیۆنی زەرد دەکەین.

دووەم: کێشەی ئەو قوتابیانەی کە لەناو رژێمەوە دێن، بۆ خوێندن لە زانکۆکانی کوردستان، کە لە کاتی هاتنیان بۆ کوردستان لەلایەن رژێمەوە دەستگیر کراون و، ئێستاش زانکۆ ئامادە نییە وەریان بگرێتەوە بۆ خوێندنی ئەمساڵ، داوا دەکەین پەرلەمان بریارێک دەربکات بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە کۆبوونەوەی رابوردوودا وەکو جێگری فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان چوار پرسیارمان ئاراستەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کرد. چاوەڕوان بووین کە تەشریف بێنێ و، هەندێ روون کردنەوە لەم بارەیەوە بدات و، دەمەوێ بزانم ئەم پرسیارانە چیان بەسەر هات؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران داوای لێ بوردنی کرد، چونکە ئەو رۆژە کۆبوونەوەیەکی کتوپڕی لەگەڵ (P.K.K) هەبوو، ئیتر خرایە سێ شەممەی ئایندە کە سبەینێیە.

دەربارەی کێشەی خانووەکانی پێشمەرگەو، ئەگەر لە بیرتان بێت ئێمە دوامان خستن، لەبەر ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران لیژنەیەکی پێک هێنابوو لە (وەزیری ناوخۆ و، وەزیری شارەوانییەکان و، وەزیری دارایی و ئابووری)، بۆ ئەوەی بەدرێژی لێتوێژینەوەی ئەو کێشەیە بکەن و، پاشان لەگەڵ لیژنەی یاسا رێک بکەون. ئێستا ئەو لێتوێژنەوەمان لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ هاتووەو، ئەوە دەدرێت بە لیژنەی یاسا و، ئەمەش پێش دەخرێت، چونکە بریاری لەسەر دراوە لە پەرلەمان و، تەنیا چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ئەو بریارە ماوە تا باس بکرێ.

دەربارەی قوتابییانی زانکۆی سلاحەدینیش، ئەو کێشەیە لەگەڵ سەرۆکی زانکۆ باس کراوەو، ئەویش گوتی: بەراستی بەپێی یاسا ناتوانین سێ تاقی کردنەوە بۆ قوتابیان دابنێنین، تەنها دەتوانین ئەم ساڵی خوێندنیان بۆ بکەین بە ساڵی نەکەوتن (سنة عدم رسوب).

دەربارەی خانووەکانی پەرلەمان ئەمە ئەخەینە خاڵێکی تازەوەو، داوا لە یەکێک لە ئەندامانی ئەو لیژنەیەی کە پێک هاتووە بۆ ئەم مەسەلەیە، لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیراندا لێتوێژنەوەیەک بکەن بۆ چارەسەر کردنی کێشەکە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەوتانی ساڵێکی خوێندن بۆ قوتابییەکی زانکۆ گەلێک زۆرە، بەتایبەتی ئاگامان لێیە ئەو قوتابییانە هەموو ئەو شوێنانەیان کردووە کە چارەی بکرێت، کەچی بۆی نەکراوەو، دوا جار هاتوونەتە پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

له جیهانی شارستانییەتدا ئێستا خەریكن تاقیكردنەوەی تەواوكەرییش( اكمال) نەهێڵن و، تەنیا یەک تاقیكردنەوە دەمێنێتەوە.

من پێموایە ئەمە كاری سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیرانە و، ئەگەر شتێك بۆ ئەوانە بكرێت، دەبێ بۆ هەموو قوتابیان بكرێت ئەوانەی كە ئەم ساڵ ماونەتەوە، هەروەها ئەمە كارێكی شارستانیەتیش نییە، چونكە كاتی خۆی ئێمە گوتوومانە زانكۆ سەربەخۆیەو، ئێمە دەست لە ئیشوكاری وەرنادەین، ئێستاش بڕیارێك دەربكەین و، بڵێین تۆ دەبێت ئەوە بكەیت، بەرای من ئەوە كارێكی باش نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.عـــیزەدین مـــستـــەفـــا ڕەسـول:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئەو قوتابییانە هەندێكیان لەكاتی تاقیكردنەوەدا هاتنەوە بۆ كۆلیژەكانی خۆیان، لیژنەی تاقیكردنەوەكان دەیانتوانی رۆژێكیان بۆ دانابان و، پرسیاریان دابنایە، بەڵام ئەمە دەبێت بە خاڵێك لەسەر ئێمە كە بۆ سێ چوار قوتابی، سێ تاقیكردنەوەمان داناوە، هەرچەندە لە دەزگاكانی راگەیاندنی رژێم باسمان دەكەن كە غەدرمان لە قوتابییانی زانكۆ كردووە، بەڵام ئێمە ئەوەمان پێ باشترە لەوەی بڵێین، پەرلەمان دەست لە كاروباری زانكۆ وەردەدات، سوپاس.

**بەڕێز حـــەســـەن عـــەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

من لەگەڵ ئەوەدام كە دەبێت ئاستی زانستی بەرز بكرێتەوە و، ئێمە ئەو شتانەی كە حزبی بەعس كردوویەتی بۆ نزم كردنەوەی ئاستی زانستی لەگەڵیدا نین و، هانی ئەوەش نادەین، بەڵام دەمویست روونكردنەوەیەک پێشكەش بكەم ، ئەو قوتابیانەی من مەبەستمە ڕێگایان لێ نەگیراوە، بەڵكو بەند كراون ئینجا هاتوون و، دوا راش بۆ پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆكی ئـەنجـــوومـــەن:**

ئێستا دوو را هەیە، ئەگەر بەڕێز حەسەن پاش ئەو روونكردنەوانە كە لێرە سوور نییە لەسەری، ئەوە واز لەو خاڵە ئەهێنین و، ئەگەر هەر سوورە لەسەر رایەكەی ئەوە دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز حـــەســـەن عـــەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

لاریمان نییە، ئەو خاڵە مەخەنە بەرنامەی كار، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆكی ئـەنجـــوومـــەن:**

لەتازە بابەت خاڵی خانووەكانی پەرلەمان هەیە كە بڕیاری لەسەر دراوە. ئێستا دێینەوە سەر یاسای رێزلێنانی پێشمەرگە.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەگەر ڕەزامەندی بفەرموون، لەبەر ئەوەی جێگاکە لەسەر مینەسە تەنها جێی سێ کەس دەبێتەوە، ئێمە وەکو لیژنەی پێشمەرگە لێرەوە وەڵامی پرسیارەکان دەدەینەوە، سوپاس.
**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
المادة الرابعة:
١ـ منح البيشمه رگة الأوسمة الخاصة وتحدد اشكالها ودراجاتها و امتيازاتها بنظام خاص وفق هذا القانون.
٢ـ تسري احكام فقرة (١) من هذة المادة على شهادات البيشمه رگة واسرهم.
بەپێی ئەو دەنگدانەی لەسەر مێژووی شەهید کرا، بڕگەی (٢) لێرەدا دەبێت لابچێت و، دەبێت یاسایەکی تر دەربچێت بۆ ئەوەی مەدالیا بدرێت بە شەهید، یان خێزانی شەهیدەکان، سوپاس.
**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بەراستی (منح وسام) گەلێک گرنگترە لە زیاد کردنی خزمەت کە دەڵێ (من الذين لم ينحرف عن اهداف الثورة ولم يتعاونوا مع اعداء الحركة التحررية الكوردستانية)، بەرای من ئەو مەرجەی لە مادەی (٢) دا هەیە، لەمادەی سێیەمیشدا هەبێ، چونکە ئێستا هیچ مەرجێک دانەنراوە بۆ کۆمەکی مرۆیی پێشمەرگە لێرەدا دەڵێ: (يمنح البيشمةرگة الأوسمة) بەو شێوەیە بێت: (يمنح البيشمه رگة من الذين لم ينحرف عن اهداف الثورة، ولم يتعاون مع اعداء الحركة التحررية الكوردستانية اوسمة خاصة، وتحدد اشكالها، وامتيازاتها بنظام خاص وفق القانون)، سوپاس.
**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
پێموایە ئەوەی بەڕێز جەمیل باسی کرد لە مادەی دووەمدا کۆتایی پێ هاتووە، پێویست ناکات لێرەدا دووبارەی بکەینەوە، چونکە مادە (٢) دەڵێ: (تعتبر الفترة التي قضاها البيشمه رگة منذ التحاقه بالحركة لأغراض الخدمة والترفيع و التقاعد)، سوپاس.
**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
خاڵی سێیەم بڕگەی (٢)، ئێمە وەکو لیژنەی پێشمەرگە ڕامان وایە ئەو خاڵانەی کە پەیوەندییان بە شەهیدەوە بوو بگوازرێنەوە بۆ (قانوون تەکریم شهداء)، چونکە لەوێ گونجاوتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا مادەی سێیەم بڕگە (١) کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ بڕگە (١) پەسند کرا.

مادەی سێیەم بڕگە(٢) کێ لەگەڵ ئەوەیە لاببرێت و بخرێتە سەر (قانون تکریم الشهداء) تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة:

اولا: يمنح العنصر النسوي المشترك في الثوره الامتيازات التي تخصص للپيشمه رگة.

٢- تعتبر الفقرة التي قضاها العنصر النسوي في الثوره، خدمة مضاعفة لأغراض الخدمة والتقاعد.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی پێشمەرگە تێبینیمان لەسەر هەردوو بڕگەی مادەی چوارەم هەیە:

یەکەم: بەو شێوەیە بێت: (يمنح العنصر النسوي الملتحق) واتە وشەی (الملتحق) لە جیاتی وشەی (المشترك) بێت.

دووەم: لە بڕگەی (٢)دا، وشەی (مضاعفة) بکرێت بە (الخدمة الفعلية)، بۆ ئەوەی یەکسان بێت لەگەڵ پێشمەرگە، سوپاس.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیار دەکەم، ئەو ئافرەتانە کێن کە بەشدارییان کردووە؟ ئەوانەی لەسەنگەری پێشمەرگەدا بوون، یان خێزانی ئەو پێشمەرگانەن کە پەیوەندییان بە شۆڕش کردووە؟، ڕاستە ئەم ئافرەتانە پێشمەرگە نەبوونە، بەڵام لەگەڵ پێشمەرگەدا بەشدار بوونە لە شۆڕش.

بڕگەی دووەم کە دەڵێ:(لاغراض الترفيع والتقاعد) واتا (مضاعفه)، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پێشنیارەکەی بەڕێز یونس کە وشەی (الملتحق) بەکار بهێنرێت لە جیاتی (المشترک)، ئەم پێشنیارە ڕاستە، چونکە لە پێناسەی پێشمەرگەشدا لە پێشەوە وشەی (التحاق) هاتووە. دەربارەی (الخدمة المضاعفة)، مەبەستی لەو ئافرەتانەیە کە پێشمەرگە

بـوون و، چەکیان هەڵگرتووە بۆ بەرگری کردن لە خاکی کوردستان، بۆیە ئێمە (مضاعفه)مان داناوە، چونکە ئەمە کارێکی زیادە کە ئافرەت دەیکات، سوپاس.

**بەڕێز پەریخـــان مـــەحـــمـــود عـــەبدولقـــادر:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

من رەخنەم هەیە لە وشەی (التحاق)و، بەرای من وشەی (مشترک) دابنرێت باشترە، چونکە ئەو ئافرەتانەی کە لەناو شارەکاندا کاریان کردووە بەراستی بارەکەیان زۆر قورس بووەو، بەنهێنی لە رێکخستنەکاندا کاریان کردووە، لەبەر ئەوە پێویستە رێز لەوانەش بگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز لیـوا کـەمـال مـوفـتی/ وەزیری پێشـمـەرگـە:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

یەکەم: دەربارەی مەسەلەی ئافرەت لێرەدا گووتوومانە (الملتحق)، چونکە ئەندامان دەیانەوێت ئەو کەسـانەی کـە لەناو شـارەکـانیـشـدا بەشـداربوون لە هەندێ چالاکی پێشـمـەرگـە ئەوانیش ئەو بەخـشـشـانەیان پێ بدرێتێ، ئەوە رای پەرلەمـانە، بەڵام ئـەمـە تەنهـا بۆ ئەو کـەسانە دەبێت کـە بە کردەوە چوونەتە ریز شۆرش.

دووەم: نەژادی مەسەلەکە شەهید و، پێشمەرگەیە، ئێمە دەمـانەوێ لێژیان لێبنێین و، ئەوەی کە تر هەمووی شێوەکارییەو، تایبەتە بە لیژنەی یاسا، سوپاس.

**بەڕێز حـــەســـەن عـــەبدولکـەریم بـەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بۆ وەڵامی پرسیاری ئەندامان دەربارەی ئەو ئافرەتانەی کە لەناو شارەکاندا خەباتیان کردووە، لە پێناسەی پێشـمەرگە لە پێشـەوەدا هاتووە دەڵێ: (ناضل سـیاسـیاً وعسـكرياً)، ئـــەوەش هەردووکیان دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز شـەوکـەت حـاجی مـوشـیـر ئەحـمـەد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

پرسیارێک کرا دەربارەی ئەو ئافرەتانەی کە بەشدارن کێن؟. بەرای ئێمە وەکو لیژنەی پێشمەرگە ئەو ئافـرەتە پێـشـمـەرگـانەش دەگـرێتـەوە کـە لەگـەڵ مـێـردەکـانیـاندا چوونەتە ریزی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردییەوە، پێویستە ئەوانە وەکو پێشمەرگە رێزیان لێ بگیرێت.

سـەبارەت ئەوانەی کـە لە رێکخـسـتنەکـانی ناو شـاردا کـاریـان کـردووە وەکـو لە پێناسـەی پێـشـمـەرگـەدا هاتووە، ئەوانەش هەروا دادەنرێن کە چوونەتە ریزی بزووتنەوەی رزگـاریـخـوازی کوردی و، ئەوانیش وەکو پێشمەرگە مامەڵەیان، لەگەڵدا دەکرێت.

ئێمە کە گووتمان (مشترک) یان (ملتحق)، لەبەر ئەوە بوو (مطاطیه)تێکی زۆری تێدا نەبێت، لەوانەیە بە هەزاران خەڵکی بخرێتە ناوەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوانەی ناو شاریش نەک کابرایەک بڵێ من ڕێکخستن بووم، کەواتە خێزانەکەشم وەکو خۆم پێشمەرگەیە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە یاساکەدا هاتووە (من ناضل سیاسیاً وعسكرياً)، ئەگەر بەو شێوەیە بێت مانای وایە هیچ جیاوازیەک نییە لە نێوان پێشمەرگەو، خەڵکی تر، بۆیە پێشنیار دەکەم کە خەباتی سیاسی ناو جەرگەی شۆڕش دیاری بکرێت.

ئەندامان باسی خێزانی پێشمەرگەیان کرد، ئەی دایک و خوشکەکانیان خۆ ئەوانیش پەیوەندیان کردووە و، شۆڕشیان کردووە، لەوانەیە خێزانەکانیان ناچار بوون لەگەڵیاندا بچن، بەڵام دایک و خوشک لەوانەیە لە ناچاری نەبووبێت، دەبێ حیسابێکیش بۆ ئەوانە بکرێت و، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم ئەم بابەتە زۆر باسکرا ئێستا پێشنیارێک هەیە لە مادە (٤) برگە (١) کە وشەی (الملتحق) لە جیاتی وشەی (المشترک) دابنرێت.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە لە برگەی (١) وشەی(المشترک)ە بکرێت بە (الملتحق)و، برگەکە وەربگیرێت، تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا.

برگە(٢) دەڵێ: (تعتبر الفترة التي قضاها العنصر النسوي في الثورة خدمة مضاعفة لاغراض الخدمة والتقاعد) ئەو پێشنیارە هەیە لە لیژنەی پێشمەرگەوە، لیژنەی یاساش ڕەخنەی لەسەر نەبوو.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادەی (٤) دوو برگەیە:

١ـ ئافرەت وەکو پیاو ئیمتیازاتی دراوەتێ.

٢ـ برگەی دووەم تایبەتمەندیەتێکی هەیە کە (خدمەی مضاعف) بێت، ئەگەر (مضاعف) نەبێت پێویست ناکات و، دەبێ برگەی دووەم نەمێنێت.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

برگەی (٢) کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە (الخدمة مضاعفة) لابدرێت و، پێشمەگەی ژن هەمان بەخششەکانی پێشمەرگەی پیاوی هەبێت، تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسند کرا.

له برگەی (١) ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسا کە (خدمة مضاعفة) دەنگی لەسەر درا لاببرێ، چونکە برگەی (١) هەمان ماف ئەدا بەژن و پیاو، کێ لەگەڵ ئەوەدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟... بە زۆربەی دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة: يتبوّ حاملو الاوسمة مواقع خاصة في المناسبات العامة كل حسب درجاته.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ گۆڕین نییە، (پ.م) دوای دەساڵ خیانەت بکات. نرخی تێدا بێ باشە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە مادەی (٢) دا دەڵێ (من الذين لم ينحرف عن اهداف الثورة ولم يتعاون مع اعدء الحركة التحريرية الكوردستانية) ئەم مادەیە بۆ ئەو پێشمەرگانەیە کە مەدالیایان وەرگرتووە. مادەی (١٠) بەسەردا جێبەجێ دەبێت.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی (لم ينحرفوا) هەر پێویست نییە، چونکە لە پێناسەی پێشمەرگەدا هاتووە کە پێمشەرگە مرۆڤێکی پاک بێت، ئەگەر مرۆڤێکی دڵسۆز نەبێت هەر لە بنەڕەتدا بە پێشمەرگە دانانرێت، چونکە مەرجەکانی پێشمەرگایەتی تێدا نابێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن ئەحمەد عەبدوڵلا کوێستانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشێک لەو برادەرانەی پێشمەرگە بوون لە سەنگەری خەباتدا خۆیان بە دوژمن فرۆشتووەو، ئێستاش بەشی هەرە زۆری پیاوە خراپەکان لەوانە کۆدەبنەوەو، کە لە سەنگەری پێشمەرگایەتیدا بوون.
پێشنیار دەکەم، پێشمەرگەی ژن ئەو کەسانە بگرێتەوە کە لە زیندان بوون و، زۆر ئازارو، ئەشکەنجەیان دیووە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئێستا باسی یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە دەکەین، بەڵام کاتێک سەیری ناوەڕۆکەکەی دەکەین دەبینین کەمتر باسی ڕێزلێنان دەکرێت، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم لە مادەی دووەمدا کە تەواو بوو دەنگمان لەسەر دا، کە هاتینە سەر دەنگدان لەسەر یاساکە بەگشتی، ئەو کاتە من مافی قسە کردنم هەیە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ هەر مادەیەک گفتوگۆی لەسەر تەواوبوو، نابێت ئێمە دووبارە بچینەوە سەری. ئێستا ئێمە لەسەر مادە (٥) گفتوگۆ دەکەین، بەڵام ئەندامانی بەڕێز لەسەر ئەم مادەیە قسەیان نەکردووەو، وەکو خۆی ماوەتەوە، هەموو لەسەر ئەو مادانە قسەیان کرد کە دەنگیان لەسەر دراوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز جەمیل لەسەر مادە (٥) قسەی کردو، پێشنیاری کرد ئەو مەرجەی کە لە مادە (٢)دا هەیە (من الذين لا ينحرفون عن اهداف الثورة، ولم يتعاونوا مع اعداء الحركة التحريرية الكوردستانية) زیاد بکرێت لەسەر مادە (٥)، بۆ ئەوەی تەنها بۆ ئەو جۆرە کەسانە بێت کە لە ڕێگای شۆڕش لایان نەداوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبوایە ئەوە لە مادەی (٣) زیاد بکرێت نەک لە مادە (٥)، چونکە مادەی (٥) ڕوونکردنەوەی مادە (٣) یە، ئەگەر تەماشا بکەن (يمنح البيشمه ركة الاوسمة الخاصة)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا مادە (٥) دەخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٥) وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە .. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟... بە زۆربەی دەنگ مادە (٥) پەسند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة:

١- تسرى احكام هذا القانون على الذين اشتركوا في الثورة الكوردية لغاية ١٩٩٠/٨/٢.

٢- يتم تكريم الشهداء الذين قدموا أرواحهم في سبيل الثورة بعد التاريخ المحدد في الفقرة (١) من هذه المادة بموجب النظام الخاص.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مادەکانی پێشوودا ئەوەی کە ڕێزلێنانی شەهیدانی تێدایە هەمووی گوازراوەتەوە بۆ شوێنێکی تری یاخود لێی گەڕاون، کەواتە برگە دووی ئەم مادەیەش دەبێت هەر هەمان ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێت (يتم تكريم الشهداء الذين قدموا ارواحهم بعد التاريخ المحدد في الفقرة (١) من هذة المادة)، هەرچەندە ئەوە پاش (٨/٢)یش دەگرێتەوەو، مەبەستی ئەوەیە لە(شهداء)، بەڵام ئێمە شەهیدی پێش (٨/٢) یشمان لاداوە، واتا ئەمەش دەبێت بچێتە سەر یاسای شەهیدان، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

من پرسـیـارێک ئاراسـتـەی لیـژنـەی کاروباری پێـشـمـەرگەو، لـیـژنـەی یاسا دەکـەم. بۆچی ڕۆژی داگیرکردنی کوێت بە دوا ڕۆژ دانراوە بۆ ئەو کەسانەی کە ئەم یاسایە دەیان گرێتەوە؟، چونکە لە پاش ڕاپەڕین خەڵکانێک پەیوەندییان کردووەو، بوونەتە پێشمەرگە، سوپاس.

**بەڕێز یونس مـحـــمـــەد ســـەلیم ڕۆژبەیانی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

ئێمە وەکـو لیـژنـەی پێـشـمـەرگـە ئەم بەروارەمـان پێ باش نەبووەو، وامـان پێـشـنـیـار کـردووە تا ١٩٩١/٣/١ بێ کە دوو سێ ڕۆژ پێش ڕاپەڕینەکەیە.

سەبارەت بە بڕگە (٢) ئەویش هەروەکو لیژنەی یاسا باسی کرد پێشنیاری ئێمەیە، ئەو شتانەی کە پەیوەندیی بە ڕێزلێنان و، ڕێزلێنانی شەهیدانەوە هەیە بچێتە یاسای (تکریم الشهداء)، سوپاس.

**بەڕێز لیـوا کـەمـال مـوفـتی / وەزیری پێـشـمـەرگـە:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

دوو سێ خاڵ هەیە حەز دەکەم لێرەدا باسیان بکەم.

یەکـەم: ئەو یاسایە لەوەزارەتی پێـشـمـەرگـەوە ئامـادە کـراوەو، دراوە بە ئەنجـوومـەنی وەزیران و، پاشان ئەوان ئاراسـتـەی پەرلەمـانیـان کردووە، لەبەر ئەوە هەندێ پرسیار هەنە وام حەزم دەکرد کە ئاراستەی من بکرێن، چونکە برادەرانی لیژنەی پێشمەرگە ڕای تایبەتی خۆیان هەیە گفتوگۆی دەکەن و، برادەرانی لیژنەی یاسا لە داڕشتنی یاساکەدا ڕای خۆیان هەیە.

دووەم: پرسیارێک کرا هۆی چییە بەرواری (٨/٢) مان داناوە؟.

وەڵامی ئێمە ئەوەیە کە دەبێ ئەم یاسایە بۆ ئەو کەسانە دابنێین کە بەکردەوە دەسـتـیـان لە دروست کردنی شۆڕشەکەوە هەیە، لەبەرئەوە ئێمە نامانەوێ جارێ خەڵکانی تر تێکەڵاوی ئەم هەقە بکەین و، بۆیەش ئێـمـە ڕۆژی (٨/٢)مـان داناوە، چونکە ئەم ڕۆژە بوو کـە سـەدام قـەبری بۆخـۆی هەڵکەند، ئەگەر ئەم بەروارەش لای ئێوە پەسند نییە، ئەوا دەیکەین بە (٣/١)، چونکە نزیکە لە ڕاپەڕین، سوپاس.

**بەڕێز جـێـگری ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن:**

ڕوونکردنەوەیەکمان هەیە بۆ بەڕێز وەزیری پێشمەرگە کە پەیوەندیی بە سەرۆکایەتییەوە هەیە، بێگومان خۆی لێرە ئامادەیە بۆ ئەوەیە کە ڕای وەزارەتی پێشمەرگە بخاتە بەرچاومان و، بەرگری لەو پێـشـنـیـارانەی خـۆیان بکات، بەڵام بەڕێز وەزیری پێـشـمـەرگـە تەنهـا یەک جـار دەسـتـی بەرزکردەوە، بۆیە ئەوەی کە دەستی بەرزنەکاتەوە من وای بۆ دادەنێم کە لەگەڵ ئەو شتانییە بۆیە دەستی بەرز ناکاتەوە.

**بەڕێز فـــــرەنسـۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ وەزیری کاروباری پێشمەرگە، ئەگەر مەبەستی ئەوە بوو ئەو یاسایە تەنها بۆ ئەو پێشمەرگانەیە کە بەراستی لە شاخەکان ماون پێویست بوو بەرواری ١٩٨٠/٩/٢٢ دانرابا، چونکە ئەو ڕۆژەی کە سەدام دەستی بەشەڕ کرد لەگەڵ ئێراندا، ئەو ڕۆژەی گۆڕی بۆ خۆی لێدا، نەک ئەو ڕۆژەی کە کوێتی گرت و، لەبەر ئەوەی هەر پاش دەست پێکردنی شەڕی نێوان عێراق و، ئێران، خەڵک ڕایان کرد لەسەرزبای و، پەیوەندییان بە ریزی پێشمەرگایەتی کرد، سوپاس.

**بەڕێز ئەبو بەکـر حـاجی سـەفـەر غـولام:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

لە لیژنەی پێشمەرگەدا یەکەم جار ویستیان ٣/٦ دابنێن لەیەکەم ڕۆژی گرتنی ڕانیەوە، ئەم ڕایەش سەری نەگرت، چونکە هەندێک بەرهەڵستیان هەبوو کە ئەم بەرواره ڕۆژی دەست پێ کردنی ڕاپەڕین نییە، بۆیە گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە لە ٣/١ بێت، یان ٨/٢ بێت، ئەو ماوەیەی کە کوێت گیرا، مەفرەزەکان زۆر هاتووچۆیان دەکرد و عەمەلیاتیشیان زۆر بوو، ئەگەر ڕۆژی کیمابارانی هەڵەبجەش دابنرێت ئەوا مافی زۆر لەو پێشمەرگانە دەفەوتێ کە لە پاشاندا شەهید بوونە، سوپاس.

**بەڕێز بەخـتـیـار حـەیدەر عـوسـمـان:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

من دوو تێبینیم هەیە، برگە (١) دەڵێ: (تسري احكام هذا القانون على الذين اشتركوا في الثورة الكوردية) لێرەدا هەمان گرفت دێتە پێشەوە لە نێوان وشەی (اشتراک) و (التحاق)، لەبەر ئەوە پێویستە بڵێین (الذين التحقوا بالثورة الكوردية لغاية...). دەربارەی بەروارەکەش بەرای من ٣/١ گونجاوە، چونکە نابێت ئێمە بە هیچ شێوەیەک بەرواری ٨/٢ بێنینە ناو مێژووی خۆمان، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عـەبدولقـادر قـەرەداغی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

بەرای من ئەگەر ڕۆژی ٨/٢ بکرێت بە مێژوویەک بۆ تەواو بوونی هێزی پێشمەرگە لەوانەیە بەشێکی چاک ئەبێ و، من پێشنیار دەکەم ڕۆژی گرتنی شاری کەرکووک لە ١٩٩١/٣/٢٠ دابنرێت لە جێگای ڕۆژی ١٩٩٠/٨/٢، سوپاس.

**بەڕێز د. فـایەق مـحـەمـەد گـوڵپی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

من تێبینییەکم هەیە لەسەر ڕایەکەی بەڕێز فرەنسۆ کە ئاماژەی بە بەرواری ١٩٨٠/٩/٢٢ کرد. لەدوای شەڕی عێراق و ئێران هیچ کارێکی سیاسی نەبوو لەسەر ڕژێمی عێراقی و، هیچ ئەنجامێکی وای نەبوو کە کوردستان ئازاد ببێت و، زۆر لە خەڵکان وازیان لەسەربازی هێنابوو،

من بیرم دێ لەدەرەوە لە ساڵی ١٩٨٣ دا کە بانگەوازێک دەرچوو (٨٠٪) ی سەرباز رایان کردە ناوچەی ئازاد کراوی کوردستان و، ژمارەیەکی کەم لەو خەڵکانە بوون بە پێشمەرگە، لەبەر ئەوە بابەتەکە تۆزێک جیاوازی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە رووی شێوەکاریەوە ئەم بابەتە زۆر باس کرا، ئەگەر ئەندامانی بەڕێز دەڵێن رۆژی ٨/٢ رۆژێکی رەشە سەبارەت هەموو جیهان ئەوە دەتوانرێت لاببرێت، لەبەر ئەوەی پەیوەندیی هەیە بە هەندێک مەسەلەی نهێنی، ئێمە نامانەوێ باسی بکەین، ئەگەر دەتانەوێ پێشنیارێکی تر دەکەم، لەنێوان ٣/١ و رۆژی ٨/٢ مێژوویێکی زۆر گرنگ و شکۆدار هەیە ئەویش رۆژی (١١/٩/١٩٩٠)ە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من کە مێژووی ٢٢/٩/١٩٨٠م هێنا، لەسەر ئەوە بوو کە بەڵگەکەی بەڕێز وەزیری کاروباری پێشمەرگە ئەوەبوو کە ٨/٢ بۆیە هەڵبژێردراوە، چونکە حکومەتی عێراق باری سیستەمی تێک چوو، ئینجا من لەسەر ئەوە دەڵێم ئەگەر خەلەلێک بوو، خەلەلەکە لە رۆژی ٢٢/٩/١٩٨٠ هەر هەبوو، من لەگەڵ ئەوەدا نیم بکرێتە ٢٢/٩/١٩٨٠، من دژی ئەوەم، بەڵام ئەو کە دەڵێت لەبەر ئەوەی خەلەلێک پەیدا بووە، بۆیە ئەو مێژووەمان هەڵبژاردووەو، بۆیە منیش ئاماژەم بەوە مێژووە داو، بەڵام من خۆم من لەگەڵ ئەوەدام بکرێت بە ٣/١، سوپاس.

**بەڕێز حازم محمود ئەحمەد یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەبێت بەروارێک دابنێین کە گونجاو بێت و، ببێتە پارسەنگ لە نێوان هەردوو قۆناغدا، بۆیە بەرای من ٣/١ باشترین بەروارە، چونکە چەند رۆژێک دوای ٣/١ راپەڕین دەستی پێ کردووە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەی /٦ (تسري احكام هذا القانون على الذين اشتركوا في الثورة التحررية الكوردستانية). پێموایە بۆ ئەوەی رێکتر بێ، ئەگەر لارییتان نەبێت وشەی (الكوردية) بیکەین بە (التحررية الكوردستانية لغاية ١/٣/١٩٩٠) وەکو لیژنەی پێشمەرگە پێشنیاری کردووە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە مەبەستمان لەم یاسایە دیاری کردنی بەروار نییە، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کام پێشمەرگە مافی رێزلێنانی هەیە کە زیاتر ماندوو بووە بە شۆڕشەوە. بێگومان هەتا گرتنی کوێت پێشمەرگە بە ژمارەیەکی کەم لە ئەشکەوتەکاندا دەژیان و، ژیانێکی ناخۆشیان دەبردە سەر، ئێمە دەمانەوێ جیاوازی ئەو جۆرە پێشمەرگە چاکانە، لەگەڵ ئەو جۆرە پێشمەرگانە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەم مادەیە ببێت بە: (تسري احكام القانون على الذين اشتركوا في الثورة التحررية الكوردستانية لغاية ١/٣/١٩٩١) تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟... بە زۆربەی دەنگ پەسند کرا.

برگەی (٢) پێشنیاری لیژنەی پێشمەرگە لەگەڵ لیژنەی یاسا ئەوە بوو کە بگوترێ (يتم تكريم الشهداء الذين قدموا ارواحهم في سبيل الثورة بعد التأريخ المحدد في الفقرة (١) من هذة المادة بموجب نظام خاص) ئەمە لابرێ و لەسەر ڕێزلێنانی شەهیدان دابنرێت.

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم مادەیە لابرێ و، لەگەڵ یاسای ڕێزلێنانی شەهیدان دابنرێت تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة: (على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون] بەڕێزان دەمەوێت ڕوونکردنەوەیەک بکەم دەربارەی ئەوەی پێش چەند دانیشتنێک باس کرا [ينشر هذا القانون في الجريدة الرسمية] ئێمە ڕێککەوتووین لەسەر داڕشتنێک ئەویش بە دوو مادە دێ [على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون].

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئێمە گفتوگۆمان لەسەر دوو مادەکە نەبوو، گفتوگۆ لەسەر ئەوە بوو (ينفذ هذا القانون من تأريخ صدوره في الجريدة الرسمية) لە جیاتی (ينشر هذا القانون). بەڕای من مادە (٧) بکرێت بە (ينفذ هذا القانون من تأريخ صدوره في الجريدة الرسمية) بەبێ ئەوەی بیکەین بە دوو مادە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة/ على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الثامنة/ ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

واتا هەر بە دوو خاڵ هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی (مادة ٨/ من تأريخ نشرة في الجريدة الرسمية)، ئەوە لە پێنج شەش یاسا دەنگی لەسەر دراوەو، براوەتەوە، بۆ ئێمە دیسان داڕشتنەکەی بگۆڕین بەڕای من ئەمە پەسند نییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

من مەبەستم لە داڕشتن گۆڕین ئەوەیە کە دەڵێن (ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة

الرسمية) ئەمە پەیوەندیی نییە بە وەزیرەکان، دەبێ بڵێین (علی الوزراء المختصین تنفیذ هذا القانون).

**بەڕێز فـــــرەنســــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

لەوانەیە ئەندامـان وابزانن کـە گـووترا (علی الوزراء المختـصین) شـتـێکی قـورس بێت. لە کۆبوونەوەیەکی دوو قۆڵی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستـان و، یەکـێتی نیشتـمانیی، بەڕێز جەلال تاڵەبانی گووتی: شتێکی ئاساییەو، دەبێ ئەمە بکرێت، چونکە هیچی تێدا نییە ئەگەر بڵێین (علی الوزراء)، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســــەرۆکی ئەنجـــومــــەن:**

لەگەڵ ڕێزمدا بۆ مام جەلال، لێرەدا ئێمـە رایەک کە باس دەکەین کە بزانین روونکردنەوەیەکی دەوێ، ئەگەر ئێوە خۆتان بڕیار دەدەن، ئەو داڕشتنە یاساییە راتان لەگەڵی دایە، ئێمە لەسەر ئەوە دەڕۆین.

**بەڕێز حـــازم مـــەحـــمــود ئەحـــمــەد یوســـفی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

کـە ئەڵێ (ینشـر هذا القانون وینفذ) بێگومان هەموو کەسێک پابەندە بە یاساکە، جا ئەگەر وەزیر بێت یان هاووڵاتی ئاسایی بێت، بەڵام ئەوە لە یاسادا شـتـێکی زۆر ئاسـاییە کـە لایەنی پەیوەندیدار پابەند بێت پێی، هاتنی ئەم دەقـەش لە یاسـاکـە تەنیـا بۆ تەئکیـدەو، لەبەر ئەوەی پەرلەمان دەسەڵاتی یاسادانانە دەتوانێت ئەم دەقە دابنێت، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســــەرۆکی ئەنجـــومــــەن:**

مـادە (٧) کێ لەگـەڵ ئەوەدایە وەکـو خۆی بمێنێـتـەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بە تێکڕای پەسند کرا

(مادة/٨ ینفذ هذا القانون من تأریخ نشرهِ في الجریدة الرسمیة) کێ لەگـەڵ ئەوەدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاسـتان دەکەین.. کێ لە دژە؟ .. بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز لیـوا کـەمـال مـوفـتی/ وەزیری پێشـمـەرگـە:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

لێـرەدا یەک خاڵ هەیە کـە روونکردنەوەیەکـە بۆ هەمـوو یاسـاکـە، ئـێمـە کـاتێک داڕشـتنی ئەم مـادانەمـان کـردووە زۆر ئاگـاداری فـەرمـانگەی خـانەنشـینان بووین، چونکە لە فـەرمـانگەی خانەنشینان لیژنەی یاسایان هەیە کە ئەم یاسایە دەچێتە بەردەمیان، بەو شێوەیە لێکی دەدەنەوە کە خۆیان دەیانەوێ، بۆیە ئێمە لێرەدا سێ خاڵمان هەیە کە برادەران بە کۆمەڵ باسیان کردووە.

یەکـەم: پرسـیـار کرا بۆچی خزمەت و خانەنشین، سەر مووچەو بەرز کـردنەوەی تێدا نییـە؟ کە دەڵێ: (تحتسب للتقاعد) ئێمە ئەم خاڵەی (ترفیبع و عەلاوەمان) لابرد، چونکە لە فەرمانگەی

خانەنشین بەپێی یاسای خزمەتکردن کاتێک ئەم یاسایە جێبەجێ دەبێت، دوای ئەوەی مانای ئەوە نییە برادەران بچن بلێن خزمەتەکەمان بۆ حیساب بکەن ئەمە خاڵێک.

خاڵێکی دووەمیش خانەنشین کە بۆیان حیساب دەکەن بە بەرز کردنەوە، یەکسەر بەرز کردنەوەی پلە یەک ئەدات.

خاڵی سێیەم: ئێستا لە یاسای خزمەت و خانەنشیندا دێت، لەمەش تیایەتی ئەم مادەیە پەیوەندیی هەیە، بچووکترین پێشمەرگە مووچەی خانەنشینیەکەی، یان رێزلێنانەکەی یەکسانە بە بەڕێوەبەرێکی قوتابخانەی سەرەتایی، لەبەر ئەوە بە رای من ئەوە یاسایە زۆر فراوانەو گشتییە.

خاڵێکی تریش کە من لە رووی ناوەڕۆکەوە باسی دەکەم ئەوەیە کە مەدالیا لە مادەی (٣)دا هاتووە دەڵێ: (اوسمة بنظام خاص) لە پێڕەوەکەدا کە ئەنجوومەنی وەزیران رەزامەندی لەسەر دەکات، دووشتی تێدایە، لیژنەیەکی پسپۆڕی تێدایە ئەوان بڕیار دەدەن، ئەوانە کێن؟ لەبەرئەوە ئەمە ئەو گفتۆگۆیە دادەخات دەربارەی (لمن اشترك ولمن التحق)، چونکە ئەوان زیاتر پەیوەندییان هەیە بە بنەڕەتی بابەتەکە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(الاسباب الموجبة: نظراً للدور البطولي النضالي لفصائل البيشمه رگة منذ اندلاع الثورة الكوردستانية المباركة وتكريما لشهدائنا الابرار لما قدموها من تضحيات) ئەوەی دەڵێ: (تكريما لشهدائنا الابرار) لادەبرێت، (في سبيل تحقيق الاهداف لشعبنا الكوردي في كوردستان العراق الى ما نحن عليه ليوم انتخاب المجلس الوطني الكوردستاني، وتشكيل اول وزارة اقليمية واقرار الفيدرالية كأساس لحقوق شعبنا المناضل فقد شرع هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە درێژایی ئەم یاسایە خاڵێک هەیە وەکو بۆشاییەک لەو یاسایەدا، کە تا ئێستا پەسند نەکراوە، ئەویش ئەوەیە، کێ (تكريم) دەکات و، کێ ئەو مەدالیاکە دەدات.

لە هەموو وڵاتێکدا بەرزترین دەسەڵات مەدالیا دەدات، بەلای منەوە دەبێ مادەیەک یان برگەیەک هەبێت کە بڵێ: دەبێ نیزامی بۆ دابنرێت و، بەڕێز وەزیری پێشمەرگە پێشنیاری بەیانی مەدالیا دەکات و، بەرزترین دەسەڵاتی هەرێم ئەو مەدالیایە دەدات بە پێشمەرگە، بێگومان ئەوە لە هۆکارە پێویستییەکاندا جێگای نابێتەوە، بۆ ئەوەی کە تەواو بوو بتوانین جێبەجێی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێمووایە وشەی (الكوردي) لەم برگەیەدا زیادە (في سبيل تحقيق اهداف شعبنا الكوردي في

کوردستـان العـراق)، بە رای من بگـووترێ (في سبيل تحقيق أهداف شعبنا في كوردستان العرق)، سوپاس.

**بەڕێز یونس مـحـمـد سـەلیم ڕۆژبەیانی:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

ئەو برگەیە (شهدائنا الابرار بما قدموه... ) بەلای ئێمەوە هەمووی لابرێ و، ئەوەی تر بڕوا بەو شێوەیە، سوپاس.

**بەڕێز شـەوکـەت حـاجی مـوشـیـر ئەحـمـەد:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

سەبارەت وشەی (الثورە) ئێمە پێناسەمان کرد لەکاتی خۆیدا کام شۆڕشەو، لەکوێوە دەستی پێ دەکـات و، لە کـوێ وە کـۆتایی دێت، بۆیە منیش لەگـەڵ ئەو رایەی بەڕێز بارزان دام بگوترێ (اندلاع الثورة وما قدمة من تضحيات) و، وشەی (الكوردي) لاببرێت، سوپاس.

**بەڕێز لیوا کـەمال مـوفـتی/ وەزیری پێشـمـەرگە:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

بۆ وەڵامی بەڕێز فەلەکەدین، بێگومان لە موسوەدەی نیزام و، یاساکە لە بنەرەتدا تیایەتی کە دەڵـێ: (تشكيل لجنة اختصاصية في وزارة شؤون الپيشمه رگة لمكافاة الذين تتوفر فيهم الاخلاص) واتە: لیژنەی پسپۆڕ کە پێک دێت ئەوان ئەو پێشمەرگانە پۆلین دەکەن و، لەدوای ئەوان بەپێی پێڕەوەکە دەدرێت بە ئەنجوومەنی وەزیران و، ئەنجوومەنی وەزیرانیش بڕیاری لەسەر دەدەن لە (تصنيفات) و، دانانیان، سوپاس.

**بەڕێز جـێـگری سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

هەندێ جار ئێمە دەستەواژەی (شعبنا الكوردي) لادەبەین، لەبەر ئەوەی هەستێکی زۆر برایانەمان بەرامبەر بە برا تورکمان و ئاشوورییەکان هەیە، بە رای من بڵێین (شعبنا الكوردى فى كوردستان العراق) ئێمە لە زۆر جێگا وتوومانە (الثورة التحريرية الكوردستانية) وابزانم شتێکی خراپ نییە و، لەناو خۆمان و، لەناو دەوڵەتانیشدا تێکۆشانی کورد لە هەموو شوێنێکدا بەوە دەناسرێت، جا نازانم بۆ دەبێ لە هەر جێگایەک و لەهەر شوێنێک دا ئەوە لابەرین؟.

**بەڕێز فـرەنسـۆ تۆمـا هەریری:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

هەروەکو بەڕێز ئەیاد گوتی: (لشهدائنا الابرار) لاببرێت و، ئەوەی تر وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز جـێـگری سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە (أسباب الموجبة) وەکو خۆی بمێنێتەوە، تەنیا (الشهداء الابرار) لاببرێت تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز فـــــــرەنـــــــسۆ تۆمـــــــا هەریری:**
**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئەنجـــــــوومـــــــەن.**
ئەم یاسایە، یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگەیە، لەسەرەوە ناونیشانەکەی وا هاتووە کەچی لە ناوەڕۆکەکەی دا ڕێز لە پێشمەرگە نەنرا.
لە برگەی سێیەمدا هاتووە کە مەدالیای بۆ دابنرێ، بۆ ئەوەی ئەو مەترسییەی بەڕێز جەمیل ئاماژەی بۆکرد نەمێنێ، من پێشنیار دەکەم لە خاڵی دوو ، وشەی (التکریم) زیاد بکرێت واتە بەو شێوەیە بێت : (تعتبر الفترة التي قضاها البیشمه رگة في صفوف الثورة منذ التحاقه بالنضال لاغراض التكريم والخدمة والتقاعد) چونکە دوای ئەوە تێیدا هاتووە (لاینحرف)، سوپاس.
**بەڕێز جـــێـگری ســــەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**
پێش ئەوەی تەواوی بکەین داوایەک هەیە، لەلایەن لیژنەی یاساوە هاتووەو، دەڵێ: دوای ئەوەی یاساکە مادە بە مادە خوێنرایەوە و دەنگی لەسەردرا ئێستا هاتووینەتە سەر یاساکە بە گشتی، لەبەر ئەوە دەتوانین جارێکی تر بگەڕێینەوە سەر مادەکان و، گفتوگۆیان بکەین؟
**بەڕێز حـــەســـەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**
بێگومان هەر مادەیەک ئەگەر دەنگی لەسەر درا تەواو دەبێت، تەنها دەبێ بەپێی یاسا هەموار بکرێت، کە دەنگ لەسەر گشتی مادەکان بدەین، ئەگەر کەموکووری هەبێت مادەیەکی نوێ زیاد دەکەین، چونکە لەسەر هەمووی دەنگ نادەینەوە، سوپاس.
**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**
**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**
دەنگدانی گشتی بۆ ئەوەیە یاساکە بەگشتی وەربگیرێ، یان وەرنەگیرێ، بۆ ئەوە نییە کە هەموار بکرێ لەسەری، یان مادەیەکی تازە زیاد بکرێ، سوپاس.
**بەڕێز حـــازم مـــەحـــمـــود ئەحـــمـــەد یوســـفی:**
**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**
بەراستی ئێمە پشتگیری پێشنیارەکەی بەڕێز جەمیل سندی دەکەین، چونکە لێرە لە مادە یەکدا هاتووە (من الذین لم ینحرفوا عن اهداف الثورة ولم یتعاونوا مع اعداء الحركة الكوردية) وە لەمادە (٣)دا نەهاتووە ئەمە، یان دەبوایە هەر نەیەت بەیەکجاری، یان دەبوایە لە هەردوو شوێنەکەدا هاتبایە.
پێشنیارم کە پێش ئەوەی دەنگ لەسەر هەموو یاساکە بدەین ئەم برگەیە بەینە سەر پێناسەکە (کل من التحق بالثورة وناضل سیاسیا وعسکریا لتحقیق اهدافها)، چونکە ئێمە بەپێی یاسا مافی ئەوەمان هەیە شوێنی برگەکان بگۆڕین، چونکە ئێمە هێشتا دەنگمان لەسەر هەموو یاساکە نەداوە، سوپاس.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەم مەسەلانە بەرای من هەموویان شێوەکارییە. لیژنەی یاسا خۆیان دەستەواژەی (لم ینحرفوا) لەناو مادەکە دا ناوە، ئەو کەسەی کە لە ڕێ لا ئەدات و، تاوانێک ئەکات بەرامبەر بە شۆڕش یاسای سزادان دەیگرێتەوە، لەبەر ئەوە یاساکانی خزمەتکردن و، (أصول المحاكمات الجزائية)و یاسای خانەنیشن نایگرێتەوە، سوپاس.
**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
من پشتگیریی پێشنیارەکەی بەڕێز حازم دەکەم، چونکە چارەیەکی چاکە، سوپاس.
**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئێمەش پشتگیری لە پێشنیارەکەی بەڕێز حازم یوسفی دەکەین، سوپاس.
**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**
کەواتە پێشمەرگە دەبێت بە (كل من التحق بالثورة وناضل سياسيا وعسكريا لتحقيق اهداف الثورة ولم يتعاون مع اعداء الثورة التحريرية الكوردية).

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئێمە لەسەرەتاوە کە داوامان لە بەڕێزتان کرد کە هەر پرسیارێک لە ئێمە بکرێت لێرەوە وەڵامی دەدەینەوە، بۆ ئەوەی ماوە بدەین بە لیژنەی یاسا، بەڵام بەداخەوە زۆر گرنگی بەرای لیژنەی پێشمەرگە نادەن! ئێمەش پشتگیری لە پێشنیارەکەی بەڕێز حازم دەکەین، سوپاس.
**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**
تێبینییەکم لەسەر ئەم بابەتە هەیە من هەر لەگەڵ ئەو رایە بووم کە یەکێک لە لیژنەی پێشمەرگە دابنیشێ، چونکە زۆرتر لەبەر چاوە، لەوەی کە دەست بەرزدەکەنەوە، هەروەکو یەکێک لە ئەندامانی پەرلەمان حیسابی بۆ دەکەین.
**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بەرای من یاساکە لە کاتێ جێبەجێ کردنیدا لەو مەبەستەی بۆی دانراوە دوور بکەوێتەوە. لێرەدا دیسان باسی ئەوە دەکرێت کە هێشتا پەسند نەکراوە بۆشایی تر هەیە، دیسان دەگەڕێمەوە سەر پێشنیارەکەی پێشووم، ئەگەر نووسراو بێ (وسام خاص) بڵێین (اعلى سلطة في البلاد)، واتە (يمنح الوسام من قبل أعلى سلطة في البلاد) ئەمە یەک.

دووەم: هەیە پێنج ساڵ بەشدار بووە لە شۆڕشدا دوایی وازی هێناوە، بەڵام بەخاوێنی ڕاوەستاوەو، زۆر حاڵات هەیە دەبێت بۆ خدمە و تەرفیع وشتی وا حیساب بکرێت، بەڵام بۆ مەدالیا بنووسرێت ئەوەی (١٠-١٥) ساڵ کەمتر لە خزمەتدا مابێ بە مەرجێک نەپچڕابێ تا ٨/٢، هەروەها من لەگەڵ ئەوەشدا نیم کە ئەم بەروارە بگۆڕدرێ بۆ ٣/١ چونکە گرفتێکی زۆر دروست دەکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەنیزامیکی تایبەتی ئەم شتانە دەردەچێت لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە و، ئەنجوومەنی وەزیرانیش ئاگادار دەکرێ بۆ ئەوەی ئەو کێشەیەی لە جێبەجێ کردنی یاسای گەڕاندنەوەی پۆلیسەکان دروست بووە، تووشی نەبێ. پێموایە وەزارەتی پێشمەرگە وا چاکە ئاگاداری ئەوە بن نەمان خەنە ئەو تەنگوچەڵەمەیە، بەڵام ئەم یاسایە ئێستا پەسند کراوەو، دەنگی لەسەر دراوە. ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە پاش ئەو هەموارکردنەی کە لیژنەی پێشمەرگە و، لیژنەی یاساش پەسندیان کرد ئەم یاسایە وەربگیرێ تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بە زۆربەی دەنگ یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە پەسند کرا.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر ئەو لیژنەیەی خانووەکان بۆمان باس بکەن تا ئێستا چیان کردووە بۆ وەرگرتنەوەی خانووەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و، ئەنجوومەنی وەزیران و، گەیشتوونەتە کوێ؟.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەنجوومەنی وەزیران لە ڕۆژی ١٩٩٢/١١/٣ دوا بڕیاری خۆی دا بۆ چۆڵ کردنی خانووەکان، هەر هەمووی، ئێمە ئەو بڕیارەمان بردو، چووین بۆ چۆڵ کردنی خانووەکان و، چووینە لای بەڕێز پارێزگاری هەولێر، لەوێ بۆ ڕۆژی دوایی لیژنەیەکی پێشوومان هەبوو کە پێشتر دامان نابوو، بۆ سەرژمێری کردنی ئەو خانوانەو، وەرگرتنی خانووەکانی تر، ئەو خەڵکانەی لەو خانووانەدا دانیشتبوون، کۆمان کردنەوە، دووبارە بەدوورو درێژی لەگەڵیان دانیشتین و، پرۆتۆکۆلی دانیشتمان ئامادەکرد، پێشمان گوتن کە دانەیەکیش بۆ پەرلەمان بنێرن، ئادارکردنەوەیەکی (تبلیغ) تازەشمان ئامادەکرد بۆ هەموو دانیشتوانی ئەو خانووانە بۆ ماوەی هەفتەیەک واتە لە (٤) ی مانگ تاکو (١١)ی مانگ ئەو خانووانە چۆڵ بکرێن، ئەو لیژنەیەش دوێنێ سەری لە پارێزگاری هەولێردا کە دەستی بەکار کردووەو، خەریکی ئیشوکاری خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حەزم کرد یەک ڕوون کردنەوە بکەم بۆ بەڕێزان ئەندامان، ئێمە وەکو لیژنە هیچ کەمتەرخەمیمان نەکردووە لەو ئیشە، ئەم نووسراوە کە بەڕێز حەسەن باسی دەکات، ڕۆژی (١٠/٧) دراوە بە

# یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە

**مادەی یەکەم:**
مەبەست لەم وشانەی خوارەوە بۆ خواستەکانی ئەم یاسایە ماناکانی تەنیشتیانە:
١- شۆڕش: شۆڕشی ڕزگاریخوازیی کوردستانی یە کەلە ١٩٦١/٩/١١ەوە هەڵگیرسا.
٢- پێشمەرگە: هەرکەسێ چووبێتە ریزی شۆڕشەوە لەرووی سیاسی یا سەربازی یەوە خەباتی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی کردبێ و لێیانی لانەدابێ و هاوکاریی لەگەڵ دوژمنانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی ی کوردستانیدا نەکردبێ.

**مادەی دووەم:**
ئەومـاوەیەی کـە پێشـمـەرگـە لەناو شـۆڕشـدا لە ڕۆژی چوونە ڕیزی یەوە بەسـەری بردووە بۆ مەبەستی خزمەت وخانەنشینی بەخەباتی(فعلی) دادەنرێ.

**مادەی سێ یەم:**
مـەدالیای تایبەتی بەپێشمەرگە دەدرێ کە شێوەو پلە وبەخششـەکـانی(امتـیـازات) بەپێ ی ئەم یاسایە بەپەیرەوێکی تایبەتی دیاری دەکرێ.

**مادەی چوارەم:**
ئەو بانووانەی چوونەتە ڕیزی شۆڕشەوە هەمان بەخششەکانی پێشمەرگەیان دەدرێتێ.

**ماددەی پێنجەم:**
هەڵگرانی مـەدالیـا لەبۆنە گـشـتی یەکاندا هەریەکە وبەپێ ی پلەکەی لەشوێنی تایبەتی یاندا دادەنیشن.

**مادەی شەشەم:**
حوکـمـەکـانی ئەم یاسایە ئەو کـەسـانە دەگـرێتـەوە کـەتا ١٩٩٢/٣/١ چوونەتە ریزی شـۆڕشی رزگاریخوازی ی کوردستانیبیەوە.

**مادەی حەوتەم:**
دەبێ وەزیرە پەیوەندداراەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**مادەی هەشتەم:**
ئەم یاسایە لەڕۆژی بلاوکردنەوەیەوە لەڕۆژنامەی ڕەسمیدا کاری پێ دەکرێ.

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**و/سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## «هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە»

لەبەر ڕۆڵی خـەباتگێڕی و قـارەمانێـتیی هێـزە تێکۆشەرەکـانی پێشـمـەرگە لە هەڵگیرسانی شۆڕشی پیرۆزی کورددا وبۆ ڕێزلێنانی ئەو فـیداکارییانەی لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کوردمان لە کـوردسـتـانی عـێـراقـدا پێشـکـەشـیـان کـردووە وبەم ڕۆژەی ئێـسـتـامـانیـان گـەیاندووین بە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان وپێکهێنانی یەکەم وەزارەتی هەرێم و بریاردانی فیدراڵییەت وەک بناغەیەک بۆ مافەکانی گەلی تێکۆشەرمان ئەم یاسایە دەرکرا.